خولی سعودییە... نەسڕ بەچوار گۆڵ لە ئیتیحادی بردەوە

لە خولی سعودییە نەسڕ بە سەرکردایەتی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ کۆتا هەفتەی بەبردنەوە لە ئیتیحاد کۆتایی پێهێنا.

لە یارییەکانی هەفتەی 34ی خولی سعودییە، نەسڕ لە یاریگای خۆیدا میوانداری ئیتیحادی کرد.

لە گەمی یەکەم ئاستی نەسڕ باشتر بوو پاش چەندین هێرش توانیان لە خولەکی سێی زیادکراوی تایمەکە لەڕێگای کریستیانۆ ڕۆناڵدۆوە گۆڵی یەکەم تۆماربکەن و ئەو گەمەش بەو ئەنجامە کۆتایی پێهات.

لە دووەم دووەم پاش چەند هێرشێک لە خولەکی 69 کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دووەم گۆڵی خۆی و یانەکەی کرد تۆمارکرد، نە خولەک دواتر عەبدولڕەحمان غەریب بە لێدانی سزا گۆڵی سێیەمی نەسڕی تۆمارکرد، پاشان یاریزانانی ئیتیحاد گەڕانەوە کەشی یارییەکە و لە خولەکەکانی 89 و دووی کاتی زیادکراو دوو گۆڵیان لەڕێی یاریزانان شەمرانی و فابینۆوە تۆمارکرد، بەڵام سێ خولەک دواتر نەسڕ لەڕێی مەشاری نەمرەوە گۆڵی چوارەم و دڵنیاییان تۆمارکرد.

سەرەنجام یارییەکە بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە بەرژەوەندی نەسە کۆتایی پێهات و بە کۆکردنەوەی 82 خاڵ و لە پلەی دووەم وەرزەکەیان کۆتایی پێهێنا، ئیتیحادیش بە 54 خاڵ لە پلەی پێنجەم ئەم وەرزەی کۆتایی پێهات.